## گرتنی ٨ کەس لە ڕێ و ڕەسمی ڕۆژی جیهانی کرێکار لە شاری سنە

بە پێی ئەو هەواڵ لە شاری سنەوە، لە کاتی بەڕێوە چوونی ڕێ و ڕەسمی یەکی مانگی مەی، ٧ کەس لە بەشدار بووان گیراون.

شیوا خەیەر ئابادی و سوسەن رازانی پێش لە ڕێ و ڕەسمەکە و غالب و عەلی حسەینی، سەلاح زەمانی، بەهادین سدوقی، عەبدوڵا نەجار، دوای ڕێ و ڕەسمەکە گیراون.

ڕۆژی پێنج شەممە ١٢ی بانەمەڕ ڕۆژی جیهانی کرێکار، ڕێ و ڕەسمێك بە بەشداری کۆمەڵێکی زۆر لە کرێکاران و ژنان و پیاوانی شۆرشگێڕی شاری سنە لە بەردەم ڕێکخراوی تەئمینی ئیجتماعی لە چوار ڕێیانی سیروس لە سنە بەڕێوە چوو.

لە سەرەتای ڕێ و ڕەسمەکەدا، ڕاگەیێندراوی یەکی مانگی مەی ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن یەکێك لە بەشدار بوانەوە خوێندرایەوە.

بەشدار بووانی ڕێ و ڕەسمەکە چەند پلاکاردێکیان بە دەستەوە بوو کە دروشمی وەك (کرێکار، موعەلیم، خوێندکار یەکگرن و شیعاری لە دژی سیستمی دەسەڵاتداری تێدا نووسرابوو.

هەروەها ڕۆژی پێنج شەممە ١٢ی بانەمەڕ، ڕێ و ڕەسمی ڕێز گرتن لە ڕۆژی کرێکار بە بەشداری گەرم و گوڕی هەڵسوڕاوانی کرێکاری و ئازادیخوازان لە کامیاران بەڕێوە چوو.

لەو ڕێ و ڕەسمەدا چەند ووتار سەبارەت بە پەیوەندی بزوتنەوەی کرێکاری لەگەڵ بزوتنەوەی ژنان و خوێندکاران، خوێندنەوەی شێعری ژنی فەرش چن، سرودی بەری بەیانە، بابەتێك بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی کرێکار، بەیانیەی کۆمەڵەی پشتیوانی لە منداڵانی کامیاران و بەیانیەی خوێندکارانی ئازادیخواز خوێندرانەوە.

---

## کۆبوونەوەی موعەلیمان لە بەردەم ئیدارەی ئاموزش و پەروەرشی شاری سەقز

ڕۆژی پێنج شەممە ١٢ی بانەمەڕ، دەستەیێك لە موعەلیمانی شاری سەقز، سەرەڕای هەڕەشەی بەرپرسانی ئاموزش و پەروەرش لە بەردەم ئەو ئیدارە کۆبوونەوە.

بە ڕەسمیەت ناسینی مافی ناڕەزایەتی دەربڕین، کۆبوونەوەی موعەلیمان، زیاد کردنی حقوق و پێڕاگەیشتن بە داواکاریەکانیان، وەرگرتنی موعەلیمانی حەق و تەدریس، گۆڕانکاری لە پێکهاتەی گشتی ئاموزش و پەروەرش، هەڵوەشاندنەوەی ئەو حوکمانەی دراون لە دژی موعەلیمان، بردنە سەرەوەی شێوەی پەروەردە، زیاد کردنی بودجەی ئاموزشی، بەهرەمەند بوون لە ناوەندە سینفیە سەربەخۆکان، دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراتیك لە ئاموزش و پەروەرش، سەندنی دەسەڵات و گەشەپێدانی ئازادی بیرو ڕا لە ئاموزش و پەروەرش، ئەو خاڵانە بوون کە سوخەنرانی موعەلیمان

وەکوو خواستی ئەو چینە هاتنە ئاراوە.

---

## کۆبوونەوەی موعەلیمانی خانەنشین کراو لە بەردەم ئیدارەی ئاموزش و پەروەرشی کرماشان

رۆژی پێنج شەممە ۱۲ی بانەمەڕ، ۵۰۰ کەس لە موعەلیمانی خانە نشینی ئوستانی کرماشان، لە بەردەم ئیدارەی ئاموزش و پەروەرشی کرماشان کۆبوونەوەی ئیعترازیان وەڕێ خست و خوازیاری بە جێ هێنانی داواکاریەکانیان بوون.

موعەلیمانی خانەنشینی کرماشان کە بۆ سێهەم جار لە ماوەی چەند حەوتووی ڕابردوودا، کۆبوونەوەیان ساز داوە، خوازیاری پێدانی پاداشی کۆتایی خزمەتی خۆیان بە شێوەی نەغدی بوون و بە دانی دروشم بەڵێنە ناڕاستەکانی بەرپرسانی رژیمیان مەحکوم کرد.

موعەلیمانی خانەنشین کراوی بەشدار بوو لەو کۆبوونەوەیەدا، رایانگەیاند کە ئەگەر، وەڵامی داواکانیان نەدرێتەوە، رۆژی سێ شەممەی حەوتووی داهاتوو، لەگەڵ کەس و کاریان لە بەردەم ئیدارەی ئاموزش و پەروەرشی کرماشان کۆدەبنەوە.

---

## کۆبوونەوەی موعەلیمان و فەرهەنگیان لە بەردەم ئاموزش و پەروەرشی شاری سنە

رۆژی پێنج شەممە ۱۲ی بانەمەڕ، زیاتر لە ٦۰۰ کەس لە موعەلیمان و فەرهەنگیانی ئوستانی کوردستان، لە شەقامی ئیکباتانی شاری سنە کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیان بەرێوە برد.

بەشدار بووان لەو کۆبوونەوەیەدا، چەندین شیعاری وەك (عەداڵەت عەداڵەت نابۆ جیاوازی دانان) (پاداشی ۳۰ ساڵە مافی بێ ئەم لاو ئەولای ئێمەیە) (پشتیوانی خۆمان بۆ سەرجەم فەرهەنگیانی وەڵات ڕادەگەیێنین)، هەلگرتبوو.

لە کۆبوونەوەی موعەلیمان و فەرهەنگیانی ئوستانی کوردستان ژمارەیێك لە بەشداربووان، وەك موعەلیمانی دەرکراو ووتاریان خوێندەوە و، موعەلیمانی ئوستانی کوردستان پشتیوانی خۆیان لە کرێکاران و فەرزاد کەمانگەر موعەلیمی مەحکوم بە ئیعدام دەربڕی.